# ریفراندۆم کلیلی کێشە ئالۆزەکان

ئەگەر بۆ دەستاو دەست کردنی دەسەلات، هەڵبژاردنی دیموکراسیانە بە تاکە ڕێگەی ڕەوا بزانرێت و بە دەستەڵاتی گەل بناسرێت، هەر چەندە ویستی تێکڕای گەل نییەو ڕێژەی زۆرینە لە بەرامبەر کەمینە دایە، لە سایەی ئەو دیموکراتیەشدا ئازادی رادەربڕین و ماف مرۆڤ دەستەبەر بکرێت.. ئەوا دەکرێ ڕاشکاوانە (ریفراندۆم) بە ڕاسترین و ڕەواترین ڕێگەی یەکلای کردنەوەی کێشە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکان دابنرێت.

لە ریفراندۆمدا پرس و ڕاوێژ بەگەڵ دەکرێت، بڕیاری چارەنووس ڕووبەڕووی خۆی دەکرێتەوە، نەك نوێنەرانی کاتێکیش تێکڕا یا زۆرینەی گەل ئازادو ڕاشکاوانە دەنگ بۆ ئامانجێکی لە مێژینەو خواستێکی ڕەوای خۆیان دەدەن کە سالانێکی درێژ لە پێناویدا خەباتیان کردبێ و قوربانیان دابێت، هیچ هێزێك بۆی نییە لەو ئیرادەیە نەگرێت و لە دژیدا بوەستێت زۆرینەی ئەو کێشە ئاڵۆزانە، هەر لە سەرەتاوە بە ویست و خواستی لایەنە ناکۆکەمان نەبووە . یان بە پلانێکی دوژمنکارانە قووت کراوەتەوەو نەخشەی بۆ کێشراوە، یان لە ئاکامی شالاوو داگیرکردنداو بەرهەم هاتووە. کەواتە هەر لە دەستپێکدا ڕێز لە ئیرادەو خواستی گەل نەگیراوە، لە خوراوە ململانێ و ناکۆکییان بە بالایاندا بڕیوە لە بەرامبەردا هەر کاتێ گەلی بندەست وە هۆش خۆی هاتبێتەوەو دەرفەتی وەرگرتبێت ئەو واقیعە تاڵ و داسەپاوەی ڕەت کردۆتەوە بۆ وە دەست هێنانەوەی ئازادی و سەروەری ڕێگەی خەباتی جۆراو جۆری گرتۆتە بەر. بەلام لە ئاکامی کەللەرەقی و دەمارگیری دەستەلاتدارانی گەلانی سەردەستەوە، کێشەکە توندە خەستتر کراوەتەوە، دەسەلاتداران تەنیا بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و ڕەگەزپەرستی نەتەوەکەی خۆیان لەبەرچاو گرتووە.. تەنانەت لە ڕوانگەی دەمارگرژی و ڕەگەزپەرستیانەوە ڕەفتاریان کردووەو بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازییەکانیان داوەتەوەو لە ڕوانگەی شۆڤینیانەیاندا گێڕانەوەی ئازادی و سەربەستی بۆ خاك و گەل بن دەست زیان بۆ قەوارەی نەتەوەیی و دەستەلاتیان نرخاندووە، کەچی لە سەرەنجامدا زیانێکی گەورەو دوژمنایەتیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان بە میرات هێشتۆتەوە.

لە مێژوودا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە دەسەلاتدارێك لە خۆراو بە ئارەزووی ڕەهای خۆیەوە دەست لە خاك و گەلی ژێر دەسەلاتی خۆی هەڵبگرێ و پیرۆزیان بۆ بگێڕێتەوە ، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرکردەو دەسەلاتدارانە لە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانەوەیش سەربەستی و دەستەلاتیان وەدەست هێنابێت، وەك گووتراوە : (چەند گەندەڵ و بودەڵەیە ئەو سەرکردەیەی کە بە تێکۆشان سەربەستی بۆ نەتەوەکەی بەدەست دێنێ، بەلام درێژە بە داگیرکردن و چەوسانەوەی گەلێکی بن دەست و ئازادیخواز دەدات).

مێژوو گەواهی دەدات کە زۆرێك لە کێشە ئاڵۆزو گڕگرتووەکان بەهێز یەکلایی کراونەتەوە چ بە خەباتی چەکداری بووبێ یان بەسەرهەڵدان و ڕاپەڕینی جەماوەری . بەلام تا ئەمڕۆش چەندین کێشەی ئاڵۆزو گڕگرتوو هەن کە چارەسەری نەکراون، یاخود چاوەڕوانی یەکلای کردنەوەون، کۆتایی ئەم سەدەیە، مرۆڤایەتی شاهیدی شۆڕشی خوێناوی گەلانی ڕلازگاریخوازی تامیل و کوردستان و پۆلیساریۆ ( بیابانی ۆژئاوا) و باسك و کشمیرو بوو، هەنووکەش لە گڕوتینی نەپساوەدان و چارەسەر نەکراون. زەرەرو زیانێکی زۆر بە هەردوو لایەنی کێشەکان گەیشتووە ئەگەر چارەسەریش نەکرێن دواڕۆژێکی کارەسات ئامێز چاوەنواریان دەکات، کەچی هەر لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا چەندین کێشە بە ڕاوێژی گشتی یەکلایی کرانەوەو چارەسەرکران.

گەلی ئەریتیریا بۆ رزگاری چەندین ساڵ درێژەی بە شۆڕشی چەکداریدا، هەزاران قوربانیشی بەخت کرد. سەرکەوتن زیاتر لە تراویلکە دەچوو، چونکە هێزو توانای دەوڵەتی ئەسیوپیای داگیرکەر بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هێزو توانای شۆڕشگێڕی گەلی ئەریتیریا بەراورد نەکرا. ئەسیوپیا وڵاتێکی گەورەو بە توانا بوو، ئندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆنگرەی ئەفریقیا بوو، کەچی ئەریتیریا جگە لە ئیرادەو رۆحیەتی شۆڕشگێڕانە شتێکی دیکەی شك نەبرد.سەرەنجام کاتێ کە حکوومەتی (مەنگسیۆ هێلیا ماریەم) هەرەسی هێنا ، سوپای رزگاریخوازی گەلی ئەریتیریا توانی دەست بەسەر خاکدا بگرێتەوە ، بەڵام دیسانەوە حکوومەتە تازەکەی ئەدیس ئەبابا ئامادە نەبوو لە خۆڕاوە دان بە سەربەخۆیی ئەریتیریا بنێت. دواتر لە 1993/5/3 دا لە ریفراندۆمێکی ئازادو سەربەستدا کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەچوو، گەلی ئەریتیریا بۆ سەربەخۆیی دەنگیدا، حکوومەتی ئەسیوپیاش تەنیا ئەوەی بۆ مایەوە دانی پیا بنێت، بەم جۆرە ئەریتیریا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کێشەی تەیموری رۆژهەڵات لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە لەشکری پەرتوگال لە 1976دا لەو خاکە کشایەوەو سوپای ئەندۆنوسیا جێگەی گرتەوە، تەیموریەکان تینووی ئازادیو رزگاری بوون، بۆی تێدەکۆشان ، بەڵام حکوومەتی جاکارتا ئامادەنەبوو دەست لەو شوێنە هەڵبگرێت، لایەنگرانی خۆی تەیار دەکرد کە سەربەخۆخوازانوتارومار بکەن، ئاکام ئیرادەی سەربەخۆخوازی لە ریفراندۆمێکی ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ئەیلوولی 1999 دا سەرکەوتنی بەدەست هێناو ئاڵای سەربەخۆ شەکایەوەو تەیموری خاوەریش بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان..دەسەڵاتدارانی جاکارتا نەیانتوانی لەوە زیاتر ئیرادەی گەلی تەیمور لەژێر پێ بنێن، بە ناچارییەوە دانیان پیاناو رایانگەیاند کە رێز لە ئیرادەی گەلی تەیمووری خۆرهەڵات دەگرن.

کێشەی بیابانی رۆژئاوا کە بە کێشەی (پۆلیساریۆ) ناسراوە، لەو کاتەوە گرو تینی سەند کە دوای دەرچوونی لەشگری ئیسپانیا لەو خاکەدا لە ساڵی (1976) گەلی بیابانی رۆژئاوا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان راگەیاند، بەڵام سوپای مەغریبو مۆریتانیا بە پاڵپشتی فەرەنسا هێرشیان کردنە سەرو زۆربەی خاکی ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. لەو کاتەدا سوپای رزگاری ( ساقية الحمراء و وادي الذهب) دروست بوو کە دواتر بە (پۆلیساریۆ) ناسرا، دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، دوای ماوەیەك مۆریتانیا پاشەکشەی کردو پێوەندی خۆی لەگەڵ پۆلیساریۆ ئاسایی کردەوە، بەڵام مەغریب کەللەڕەقانە شەڕی دەکرد بەشێکی لە خاکی وڵاتەکەی دادەنا، چەندین ساڵ ئەم کێشەیە هۆکاری گرژیو نائارامی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە عەرەبیەکان بوو، سەرەنجام لە ساڵی (1989)دا هەردوو لایەن بەوە رازی بوون کە بە ریفراندۆم کیشەکە یەکلایی بکریەوەو هەردوو لایەن پەیمانیاندا کە ریز لە ئاکامی ریفراندۆمەکە بگرن، بەڵام حکوومەتی مەغریب دەزانێ بەریوەبردنی ریفراندۆم بە تەنیا سەربەخۆیی لێ وە بەرهەم دیت. بۆیە بەدوای ئاکامیکی گونجاودا دەگەریتو کەوتۆتە گۆرینی سیمای دانیشتوانی هەریمەکەو سیاسەتی کۆچاندنو نیشتەجێ کردنی بەزۆر پیرەو دەکات، ئەمەش گرفتی دیکەی لە رەوەندی ریفراندۆمدادرووست کردووە.. تا ئیستاش لەسەر ریژەو ژمارەی ئەو کەسانە ریك نەکەوتووە کە ماف دەنگدانیان هەبیت چەند جارە ئەنجامدانی ریفراندۆم وەدوا دەخریت، لەم سالەدا (کۆفی ئەنان) ی سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندکە لەسەر خواستی دەولەتی مەغریب

ریفراندۆم بۆ ساڵی (2002) دواخراوە. بەڵام هێشتا هەردوو لایەنی ناکۆکو ناوەند بڕیاردەرەکانی دنیا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە ریفراندۆم بە تاکە رێگەو تاکە چارەسەر دادەنێنو لە پێناویدا تێدەکۆشن.

(کیوبیك) ناوچەیەکە لە وڵاتی کەنەدا، زۆربەی دانیشتوانەکەی بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن ، ساڵانێکی زۆر بوو مشتو مڕی ئەوەیان بوو کە لە کەنەدا جیا ببنەوە، زۆر نەمابوو کێشەکە گەورەتر بێت، بۆیە حکوومەتی کەنەدا رەزامەندی خۆی لەسەر بە رێوەبردنی ریفراندۆم دەربڕی ، ئاکام ساڵی (1996) بەڕێوەچوو، دەنگ بۆ سەربەخۆیی نەدراو زۆرینەی بە باشیان دەزانی کە لە چوارچێوەی کەنەدایەکی بە توانا بمێنێتەوە.. دوای بەڕێوەبردنی ریفڕاندۆم کێشەکە کۆتایی هات.

(ئاچێ) ناوچەیەکە کە لە ئەندۆنوسیا زۆربەی دانیشووانەکەی لەگەڵ جیابوونەوەدان، لەم دواییەشدا چەندین ئاژاوەو پێکدادانی بە خۆیەوە بینی. ئەمڕۆکە دانیشتووانی ئاچێ داوای بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دەکەن، لە سەرەتادا سەرۆکی ئەندەنوسیا رەزامەندی خۆی دەربڕی، دواتر لە ترسی سوپاو عەسکەرییەکان پاشەکشەی کرد. دیسانەوە چاودێران لەو باوەڕەدان بۆ بنبڕکردنی ئاژاوەو شەڕی نێوەخۆ ریفراندۆم تاکە چارەسەرە.

لە وڵاتی ئوسترالیادا ماوەیەك ناکۆکیو ململانێو لەنێوان کۆماری خوازەکانو لایەنگرانی تاجی پاشایەتی بەریتانیادا هەبوو، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو گرفتە ریفراندۆمێك بەڕێوەبوو، زۆرینەی خەلکی ئوستراليا دەنگیان بۆ مانەوە لەژێر تاجی پاشایەتی ئینگلتەرادا، بەم جۆرە پەروەندەکە پێچرایەوەو لەوانەیە(30-40) ساڵی دیکە باسی لێ نەکرێتەوە.

ئەمڕۆ لە سەردەمی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتدا یەکلایی کردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان ئەگەر لە رێگەی شەڕو هێزەوە بێت، زیانێکی یەکجار گەورە بە جیهانو تێکڕای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. هەر بۆیە چاودێرانی سیاسیو رامیاری زانانی دونیا ریفراندۆم بە گونجاوترینو لەبارترین رێگەی هاوچەرخانەو مرۆڤانە پێشنیار دەکەن.

کێشەی گەلی کوردو تامیلو کشمیر . لەو کێشانەن بە ریفراندۆم ئەگەری یەکلایی کردنەوەی زیاترو لەبارترە تا شەڕو پێکدادان.. بەتایبەتی کێشەی باشووری کوردستان یەکێکە لەو کێشە ئاڵۆزو تەماویانەی کە بۆ ماوەی هەشتا ساڵە لە گڕوتینی خۆی دایە،چەندین شێوەی جۆراوجۆری وەخۆیەوە گرتووە. هەر لە سەرەتاشدا هەردوو گەلی کوردو عەرەب دەستیان لە دروستکردنی دا نەبووە. بە پلانێکی شومو بڕیارێکی ناڕەواو داسەپاو هەردوو گەل لە چوراچێوەی سنووری دەوڵەتێکی تازە کە ناونرا (عیراق) کرانە بە هاوژینو هاوبڕك دواتر کە حوکمڕانە عەرەبییەکان ئامادە نەبوون گوێ لە خواستو داخوازیە رەواکانی گەلی کورد بگرنو راشکاوانە مافی گەلی کوردستانیان لەژێر پێ نا کێشەی ئاڵۆزو خەستتر کرایەوە. هەشتا ساڵە کە کوردو عەرەب لە چوارچێوەی سنووری ئەم عیراقەدا کراونەتە هاوبەش، ئەم هاوبەشییە سوودی بە هیچ لایەك نەگەیاندووە، گەورەترین زیانیشی بە دۆستایەتی هەردوو گەل گەیاندووە، هەردوولاش زیانی گیانیو ماڵیان بەرگە گرتووە، تەنانەت لە سایەی ئەم کێشەیەدا عیراقو ناوچەکە ئارامیو هێمنایەتییان بە خۆیەوە نەدیوە. هەمیشە لە شەڕو جەنگو بەبەرەکانێدا تلاونەتەوە.

عەڕەبە رەگەز پەرستەکان کێشەی باشووری کوردستان بە گرفتی باکوری عیراق ناودەبەن. ئەوان خۆیان لەو راستیەدا گێل دەکەن کە کێشەی باشووری کوردستان کێشەی خاكو گەلێکی بندەستو داگیر کراوە. نە لە

لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) پرس و راوێژ بە گەل کراوەو نە لە چارەسەرکردنیشی دەیانەوێ پرسی پێ بکەن. گریمان لە سەرەتای لکاندن بەشێك رازی بوون، ئەمڕۆکە ئەو کەسانە نەماون و جیهانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو کێشەیەکی گڕگرتوو لە ئارادایە، گەلی کوردستان بە خەباتی چەکداری و بە راپەڕینی جەماوەری ئەم واقیعە رەت نەکردۆتەوە کە بۆتە کۆت و زنجیری.

راپەڕینی بەهاری (1991) خۆی لە خۆیدا نیشانیدا کە گەلی کوردستان دەسەڵاتی داگیرکەری ناوێت و حەز بە سەربەستی و سەربەخۆیی دەکات .. بەلأم دیسانەوە کێشەی باشووری کوردستان و گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ عیراق و ناوچەکە گەرەکە ریفراندۆمێکی پاك و ئازاد لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە بچێت.

ریفراندۆم بە واتای پرسی گەل بۆ بڕیاردان لە چارەنووس یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان خواستێکی رەواو لە پێشنەی گەلەکەمانە. حزبمان حزبی رزگاری کوردستان تاکە حزبێکی کوردستانی بووە کە هەر لە ساڵی (1993) ەوە راشکاوانە ئەو دروشمەی هەڵگرتووەو لە پێناویدا خەبات و تێکۆشانی خۆی چڕ کدۆتەوە . خۆشبەختانە ئەمڕۆ جەماوەرێکی بەرفراوان لە دەوری ئەم دروشمە دەخولێنەوەو لایەنی سیاسی دیکەش هەن کە خوازیاری بەڕێوەبردنی ریفراندۆمن. رێژەیەکی زۆری خەڵك بە دڵنیاییەوە دەڵێن ریفراندۆم ، واتە رزگاربوون لە خەباتی شاخ و وازهێنان لە چەك و گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئارام و ئاسودە، ئەگەر تا ئێستاکەش خەبات لەو پێناوەدا وەکوو پێویست نەبووبێ و ئەتوانرابێت کە رای گشتی جیهان و دەوڵەتان بۆ خۆی کێش بکات ، دڵنیاین کە لە داهاتوودا هەموو لایەك پەسەندی دەکەن و دەنگی بۆ دەدەن و پشتیوانی لێ دەکەن.

حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان راشکاوانە رادەگەیەنێت کە حزب چەندە گەورەو بە دەسەڵاتیش بێت ناتوانێ تێکڕای خواست و ئیرادەی رەهای گەل بەرجەستە بکات و رەنگی پێ بداتەوەو ناتوانێ لە جیاتی تێکڕای گەل بڕیار لە چارەنووس بدات و وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ریفراندۆم وەك خواستێکی سەرەکی و گشتگیر دێتە پێشەوەو هەقانیەتی خۆی دەسەلمێنێ، کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەرەو ئەم ئاقارە بڕۆن و لێبڕاوانە لە پێناویدا تەواوی بوارەکانی خەبات و تێکۆشانیان تاو بدەن. ئەگەر ریفراندۆم بووبە خواست و دروشمی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و تێکڕای جەماوەر نە دوژمن دەتوانی لە دژیدا رابوەستێ و نە رای گشتی دەوڵەتانیش بۆیان هەیە خۆیان لە ئاستیدا کەڕ بکەن.. هەر ئەو کاتەش دەبێتە دیفاکتۆو هەموو لایەك پێشوازی و پشتیوانی لێ دەکەن.

پەرلەمانی هەڵبژاردراوی کوردستان لە (1992) بڕیاری فیدراڵی بۆ کوردستانی عیراق (باشووری کوردستان)دا.

هەروەها لەم دواییانەدا کۆنگرەی نیشتمانی عیراق (I . n . c) ئەو فیدرالیەتەی پەسەند کرد، هەرچەندە چەسپاندنی فیدراڵی هەنگاوێکی گرنگ و پڕ بایەخەو بە گەرمی پێشوازی لێکراوە، بەلأم دیسانەوە وەلأمگۆی رەهای ویست و ئیرادەی گەلی باشووری کوردستان نییەو ناتوانرێت بە بڕیارێکی رەهاو هەمیشە لە قەڵەم بدرێت ، تەنانەت دەکرێت بە زەمینەیەکی گونجاو بۆ رەخساندنی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دابنرێت و لە دواییدا بکرێتە بەردی بناخەی سەقامگیرکردنی ئەو دروشمە خوازراوەی گەلی کوردستان.